# حوكمی زیارەتی مزگەوتەكانی ناو شاری مەدینەی منەوەرە

# حكم زيارة المساجد التي توجد في المدينة المنورة

< كوردي >


دەستەی بەشی زمانی كوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

فريق القسم الكردي بموقع إسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# حوكمی زیارەتی مزگەوتەكانی ناو شاری مەدینەی منەوەرە

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس كراوە :

**پرسیار** : ئایا تا چ ڕادەیەك دروستە حاجی و عومرەكاران سەردانی مزگەوتەكانی ناو شاری مەدینەی منەوەرە بكەن ؟

**وەلاّم** : سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەلاّت وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنكەوتوانی هەتا هەتایە .

ئەو مزگەوتانەی كە سوننەتە لەناو شاری مەدینەی منەوەرە زیارەت بكرێن و حاجی وعومرەكاران سەردانیان بكەن، تەنها مزگەوتی پێغەمبەری خوایە ( صلی اللە علیە وسلم ) و مزگەوتی ( قوبا ) یە، ئەویش لەبەر ئەوەی كە بەڵگەی ڕاست و دروست لە بەردەستدایە لەسەر سونەتی ئەم كارە،

پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) لەبارەی سەردانی كردنی مزگەوتەكەی خۆیەوە فەرموویەتی : { لا تشد الرحال إلا إلى ثلاثة مساجد المسجد الحرام ومسجدي هذا والمسجد الأقصى} [ ئیمامی بوخاری وموسلیم هاوڕان لەسەر ئەم فەرموودەیە ] واتا : گەشت مەكەن وكۆڵ وبار مەپێچنەوە بۆ سێ مزگەوت نەبێت، مزگەوتی حەرەم، ومزگەوتەكەی من (واتە مزگەوتی پێغەمبەر)، ومزگەوتی ئەقسا نەبێت .

چونكە نوێژ كردن لەم مزگەوتە خێری هەزار نوێژی مزگەوتەكانی تری هەیە، وەك لەفەرموودەی صەحیحدا هاتووە : { صلاة في مسجدي هذا خير من ألف صلاة فيما سواه إلا المسجد الحرام} [ ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی كردووە ] واتا : نوێژێك لەم مزگەوتەی من لەهەزار نوێژی مزگەوتەكانی تر باشترە، جگە لە مزگەوتی حەرام نەبێت، چونكە یەك نوێژ لە مزگەوتی حەرەم خێری سەد هەزار نوێژی مزگەوتەكانی تری هەیە .

وه لەبارەی مزگەوتی ( قوبا ) شەوه عەبدولای کوڕی عومەر دەگێڕێتەوه و دەڵێت : {كان النبي صلى الله عليه وسلم يزور مسجد قباء راكباً وماشياً ويصلي فيه ركعتين}[ ئیمامی بوخاری وموسلیم هاوڕان لەسەر ئەم فەرموودەیه ] واتا : پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) سەردانی مزگەوتی قوبای دەکرد بە سواری یان بە پیادە و تیایدا دوو ڕەکات نوێژی دەکرد.

سەهلی کوڕی حەنیف (ڕەزای خوای لێ بێت) دەگێڕێتەوه کە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی :{ من تطهر في بيته ثم أتى مسجد قباء وصلى فيه صلاةً كان له كأجر عمرة } [ئیمامی ئەحمەد ونەسائی وئیبن ماجە ڕیوایەتیان کردووه ] واتە : هەر کەسێک لە ماڵەکەی دەستنوێژ هەڵبگرێت وپاشان بێت بۆ مزگەوتی قوبا و نوێژی تێدا بکات، ئەوه پاداشتی وەک پاداشتی عومرەیەک وایە.

بەڵام سەردانی کردنی مزگەوتەکانی تری ناو شاری مەدینە کە بە حەوت مزگەوته ناسراوون، و لە ئەصڵدا شەش مزگەوتیشن نەك حەوت، بەڵام هەندێکی تر مزگەوتی قیبلەتەین دەخەنە پاڵیان ودەبنە حەوت مزگەوت، ئەم مزگەوتانە هیچ سوننەت نیە زیارەت بکرێن وسەردانی کردنیان خێری زیاتر دەست زیارەتکارانین ناخات، وبگرە بەو شێوەیەش بیدعە و داهێنراوێکە لە ئایندا، چونکە بە لێشاو سەردانی کردنی ئەو مزگەوتانە وا لەخەڵکی ناحاڵی ونەخوێنەوار دەکات کە بە ڕوکنێك یان واجبێکی حەج وعومرەی بزانن، بۆیە دەبێت لەبری ئەوەی بەسەردانی کردنی ئەو مزگەوتانەوه خەریك دەبن نویژێکی زیاتر لە مزگەوتی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بکەن.

ئەو مزگەوتانەش کە وەك ووتمان سوونەت نین سەردان بکرێن : مزگەوتی فەتح و مزگەوتی سەلمانی فارسی ومزگەوتی ئەبو بەکری صەدیق و مزگەوتی عومەری کوڕی خەتاب و مزگەوتی عەلی کوڕی ئەبی طالب و مزگەوتی فاطمە و مزگەوتی قیبلەتەین، چونکە وەك ئاماژەمان پێدا هیچ بەڵگەیەك نیە لەسەر ئەوەی سەردانی کردنیان خێرێك دەست گیری زیارەتکارانی دەکەوێت .

خوای گەورەش زاناترە ...

IslamHouse.com